# نەخشەکانی ڕێگای گەڕیدەیەکی تەنیا

عەبدوڵلا سلێمان(مەشخەڵ)
(کەنەدا)

بۆ هەست بەبۆنی سەفەر ناکەی ئەی موسافیر
کە خاک بوویێتە غەریبیێ و
بەشەرمەوە نیگاکانی بنێرێت بۆ ژوانی ماچ و
یاسەمینەکانی حەسرەت بخاتە نێو ئینجانەکانی باران
کە ڕێگا بەسەرمەوقولانج بێتە پێشوازی پەنجەرە و
بەردی ئەڵاس گەڵا دەرکا
بۆ هەورەکانی سەر دوورگەی تەنیاییت جێ هێشت...
موسافیر
کە تۆ سەرت بەسەر سینگی دەریا کرد و خەونت ڕواند
بەجۆلانەی باهۆزەوە دیلانێت بۆ گۆرانییەکانی غەم ساز
کرد
لێم مەگرە ئەی موسافیری ونبووی هەناوی نەخشەکان
ئەی پاسارییەکەی ئاسمانی شیعر لێ قەدەغەکراوم
من پیرەگەنجێکی ئەغیارم دڵم نایەت لەنێو دووکەڵی
وەهمەوە
بچمەوە کن زەردەخەنە وشکبووەکانی ڕەشەبا
دڵم نایەت ڕۆژنامە بێ وشەکان بەرم بۆ سەر مێزی
نائومێدی
پیرە گەنجێکی ئەغیارم ئەی موسافیر
بۆن بەو نیگایانە بکە کە لێم ون بوون
دەستی ئەو تیشکانە بگرە کە بەدزی هەتاوەوە ئەچن
لەباخچەی خەیاڵا
وێنە ئەگرن لەگەڵ قەفەس و کولانە و کوخە بێکەسەکانی
پاڵ دیوارێکی تەنیا و تەریک
دڵی ئەو کۆتر و دارمێوەم بۆ ڕازی کە وەختێ بۆڵە
بەرسیلەیەک
ئەگۆڕنەوە بە گمە ڕەش و سپییەکانی قەراغ جادە
چۆڵەکانی نزیک ناسینەوەی وەرزی نەعناع
دەستی دڵم بگرە ئەی موسافیری خاڵی لە بۆن
کەی ساباتی هەناسەکانی ئیلیەت و ڕۆبەرت فرۆست(١)
دەبنە شوێنی سەرخەوشکانی دێوانەکانی غوربەت
چۆن شنەی غەریبی پەنجەی بەنێو قژی گەڕانەوەتدا
دێنێت
بەچ چاوپۆشینێکەوە ماچەکانی خۆشەویستی سزا
ئەدەی



بە چ شێوازێک دەنگ و قریوەکانی ڕوح
لە پردی سیراتی خەما ئەپەڕێنیتەوەو
بە بۆراقی خۆشنوودییەوە دەیانبەیتە سەفەری گەڕیدەی
سەر نەخشە بزر بووەکان
سێبەرەکانی ئیمان چۆن ئەنێریتەوە بەر خوێندن
بە چ مافێک مانگ زویر ئەکەی
بە چ سیحرێک ئەفسووس ئەخەیتە ناو تەرازووی
دادپەروەرییەوە و
بۆنی ڕێگا و سەفەر ئەکوژی
ئەغیاری بەرەو کوێ ئەبەی
ترمۆسی عەشق چۆن پڕئەکەی لەقاوەی خەم
بەکوێدا توولەڕێگاکان ون ئەکەی و ڕۆژە خۆڵەمێشییەکان
ئەسپێری بە وەنەوز
پەیکەرەکانی سەر ڕێگای چوونەوە بۆ لای تەنیایی  چۆن
ئەدوێنی
پیاسەکان چۆن لەسەرەوە دەردەهێنی و ئەیانبەی بۆ کەنار
دەریاکانی بێئومێدی و
پارکەکانی خاڵی لەگوڵ و دار و گیا
لەسەر ئەسکەمیلی عومر بەدیار چ ڕەشبینییەکەوە
دانیشتووی ئەی موسافیر
ئەبێ چ نهێنییەک واژووی پەشیمانبوونەوەت پێ بکات و
ئەبێ گوڵی چ باخچەیەک بەسەرهاتەکانی خۆیت بۆ
بگێڕێتەوە؟
لە چاوی چ پەنجەرەیەکەوە ئەڕوانیتە فڕینی ڕوح و
ڕەدووکەوتنی گۆرانییە تەنیاکانی غوربەتستان ... ئەی
ئەغیار
گازاندەکان لەسەر تەنافی بێدەنگی هەڵدەخەی و
لە مابەینی بۆن و سەفەر ئەبیت بەباڵندەی وێڵبووی نێو
هەناسەی شیعرێکی ون
ئەترسم بۆنت پێوەکەم
ترسم هەیە بێزوو بکەم بەسەفەر و بۆن و ڕێگا
لەدووریتا بگریم هەتا دەبم بەتەم
تا دەبم بەگڕی بەفری ڕەش و سووتاو
ئەترسم بۆنت پێوەکەم ئەی موسافیر
ترسم هەیە نەتبینمەوە وەکو ترسی ماڵئاواییم لە
منداڵیم
وەکو ترسی جێ هێشتنی جێ شوێنەکانی ئەشیلۆس(٢)
وەکو ترسی گۆڕغەریبی لەم وڵاتە تەنیا و ساردە
لەئەغیاری خۆم و پیری تۆ تێناگەم ئەی موسافیر
کە پەرچەمی بوون دەنێی بەدڵی سەفەر و
لەڕێژنەی ئەو لەرزە بارانە ناگەم
کە لەناو تەمی گژوگیای ئەفسووندا
دێت یەخەی بێدەنگیم ئەگرێ و
ڕەوە هەورێکم لەبۆن بۆ دەستەمۆ ئەکات
چ بەدگومانییەکە هەنگاونان بەسەر ڕوحی سەفەر و
سەراسیمەبوون لەبەردەم ئافاتی خەم
وەختێ لەئەشکەوتی سەفەر بیمە سۆفی ناسینەوەی
ڕێگاکانی کۆچی ناوادەی پیربوون و هەڵوەرینی شیعر و
تەمەن
هەست بەبۆنی سەفەر بکە ئەی موسافیر
تۆ خۆت ئێستا بەشێکی لەبۆنی سەفەر
بەشێکی لە دڵشکان و پەشیمانی
قۆمەتێکی لە دوودڵی و بارستاییەکی لە گومان
ئاراستەیەکی لە گەشت و ڕەهەندێکی لە تێپەڕین
جۆگەلەیەک لەگڵەیی و ئۆقیانووسێکی لەخەون.

**ئایاری ٢٠١١**
**ڤانکۆڤەر**

**تێبینی:**
**١- ئیلیەت شاعیری ئەمریکی بەڕەچەڵەک بەریتانییە و ڕۆبەرت فرۆست شاعیرێکی ئەمریکییە.**
**٢- ئەشیلۆس هێمایە بۆ کەشتی ئەشیلۆسی ڕۆمانی (خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست)ی عەبدولڕەحمان مونیف.**